


### ئەنوەر قادر رەشید:

# پشتیوانیی حکومەت لە شانۆ تەنیا بە تەرخانکردنی پارە بۆ فیستیڤاڵ نابێت

**زۆر باس لە بوونی قەیرانی شانۆی کوردی و دواکەوتنی و گرنگی نەدانی دەسەڵات بە شانۆ دەکرێ، نووسەر و هونەرمەندی بواری شانۆ ئەنوەر قادر رەشید لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری (گوڵان) دا تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێکی قەیرانی ئێستای شانۆی کوردی و چۆنیەتی پێشخستنی شانۆی کوردی تاوتوێ دەکات.**

*** رۆشنبیری و هوشیاریی تاکی کورد بەرامبەر بە شانۆ و رۆڵی گرنگی لە پێشخستنی کۆمەڵگە لە چ ئاستێکدایە؟**

- رەنگە ئەم خاڵەیان گرنگییەکی زۆری هەبێ لە پێشخستنی رەوتی شانۆییمان بەتایبەت کە شانۆ نەبووەتە پێداویستییەکی مەعریفی و ئیستاتیکی لای تاکی کورد و ئەم لایەنەش پەیوەندیی راستەوخۆی بە هوشیاریی تاکی کوردەوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە راستە کە هەندێ جار بینەری خولیای شانۆ لە خودی شانۆکار رۆشنبیرترە و زۆربەی نمایشەکان (نەک هەمووی) لە دیدێکی رووکەشی ناهونەرییەوە پێشکەش دەکرێن و ناگەنە ئاستی چێژوەرگرتنی وەرگر لە نمایشەکە و بەمەش ئەو وەرگرە رۆشنبیرە لە شانۆ ئەتۆرێنن. هوشیاریش بۆ شانۆ لە بۆشاییەوە نایە، لایەنی پەروەردەیی و چالاکی و بەردەوامیی نمایشی جددی کە بینەر بخاتە حاڵەتی تێرامان و بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتن، چونکە نمایشی کاڵوکرچ و سەرپێیی بینەر تەوەللا دەکا و پەیوەندیی بە رۆشنبیریی شانۆییەوە نییە.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێ کێشەی شانۆ کێشەی مەعریفەیە، ئەمە تا چەند لە کوردستان رەنگی داوەتەوە؟**

- مەعریفە و ئیستاتیک دوو چەمکی بنەڕەتیی شانۆن و پەیوەندیشیان دوو لایەنەیە بەو مانایەی خودی مەعریفە جوانکاریی تێدایە و ئیستاتیکاش مەعریفە لەخۆ دەگرێ، ئەم لێک جیانەکردنەوەیەش هۆکاری سەرەکیی ناتەبایی شانۆکارانە، کە هەندێک پێیان وایە مەعریفەی رووتی تاک لایەنە و لە جوانکاریی بێبەرییە و هەندێکیش بەپێچەوانەوە وای بۆ دەچن جوانکاری لە نمایشدا مەعریفە لەخۆ ناگرێ، لەشانۆی کوردیدا فکری فەلسەفی قووڵ و پرسیارە فکری و فەلسەفییە ئەزەلییەکان جێیان نەبووەتەوە، بەدەگمەن نمایشێک دەبینی لایەنێکی رەهای فکری وا بورووژێنێ کە وەرگر بخانە گۆشەی تێفکرین و دروستکردنی بیرکردنەوە و گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەو مەجالەدا، بۆیە لایەنی مەعریفی و لەپاڵ ئەویشدا ئیستاتیکیمان لە شانۆدا لاوازە و نەیتوانیوە پرسیارە فەلسەفی و فکرییەکان بخاتە قاڵبی هونەری و تێڕامان و بیرکردنەوەی وەرگر بورووژێنێ.

***هەمیشە دەوترێت کە حکومەت رێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی شانۆ، بەڵام ئەوەی دەیبینین و لە چەند ساڵی رابردوودا (بەر لە قەیرانی دارایی) حکومەت پشتیوانی شانۆی دەکرد و بە دەیان نمایشی شانۆیی پێشکەش کران، بۆچی نەیانتوانی رۆڵی خۆیان بگێڕن؟**

-لەراستیدا حکومەت نەیتوانیوە بە هیچ شێوەیەک پشتگیریی شانۆ بکات، چونکە پشتگیریی شانۆ بە تەرخانکردنی برێ پارە بۆ فیستیڤاڵ و نمایش ناکرێ، لای حکومەت چەند لە چۆن گرنگترە، ئەویش بەهۆی ئەوانەی کە بەسەر هونەردا سەپێندراون و

بەرچاوڕوونییان نییە بۆ بەرەوپێش بردنی شانۆ، کاتێک لە ماوەی مانگێکدا بڕیار لە فیســـتیڤاڵێک دەدرێ، هیچ دەرفەتێک بۆ شانۆکاری جدی ناهێڵێتەوە لەو ماوە کورتەدا ئامادەباشی بکات بــێ لەوەی کە نایانەوێ بچنە ئەو پێشــبڕکێیانەوە کە بەردەوام ئەنجامەکانی ناڕەزایی هەندێکی لێ دەکەوێتەوە، پشـــتگیریی شـــانۆ بە پلانی تۆکمەی زانستی ئەنجام دەدرێ نەک تەنیا بە تەرخانکردنی پارە بۆ چەند گرووپ و شانۆکارێکی دیاریکراو.

***بە راشـــکاوی پێمان بڵـــێ بۆچی جەماوەر زیاتر لە شـــانۆ، گۆرانی بە هونەر دەزانێت؟**

-یەکێک لـــە کاریگەرتریـــن هۆکاری بەربـــڵاوی هونەری میدیایە، میدیای بینراو و بیستراوە کوردییەکانیش تەنیا بایەخیان بە گۆرانی داوە، دیارە ئەمە زیانی بە لایەنی موزیکیش گەیاندووە و نـــەک هەر هونەرەکانی تر کە بە تەواوی پشـــتگوێ خراون، ئەمەش کاریگەریی راســـتەوخۆی لەســـەر بینەران و بیسەرانیان هەیە کە زیاتر وابەستەی گۆرانی بن، ئێمە ئەگەر بە گریمانەش بـــێ (ناڵێین بە قەبـــارەی دراما بیانییەکان) هـــەر کە نەبێ با هەر کەناڵە و مانگی جارێک شـــانۆگەرییەک لەهۆڵی شانۆوە بگوێزنەوە و جارێکی تر شانۆ بە بینەران بناسێننەوە. ئەمە بێجگە لـــە دامەزراوە هونەری و ناهونـــەری و بازرگانانی هونەریش کە بەردەوام گۆرانیبێژانی عەرەب و تورک و فارس و بیانی دەهێننە هەرێم و ریکلامێکی زۆری بۆ دەکەن. لەکاتێکدا کە نمایشێکی شانۆیی جددی دەکرێ بە تەواوی پشتگوێ دەخرێ و بایەخی پێ نادرێ و زۆربەی جار کە نمایشێک پێشکەش دەکرێ و تەواویش دەبێ زۆر کەس پێی نازانن.

*** نەبوونی رەگەزی مێ لە هونەر بە گشتی و شانۆ بەتایبەتی جاران گرفتێك بوو، ئێستا کە ئافرەت رۆڵی هەیە ئایا ئەو رۆڵەی لەلایەن پیاوەوە پێدراوە؟**

-هەرچەندە من لەگەڵ ئەو شـــێوازی پۆلێنکردنە نیم، چونکە شـــانۆ هەیە و شـــانۆکار هەیە، ئیدی ئەوە پەیوەندیی بە پیاو و ئافرەتـــەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا دەکرێ دڵنیا بین لەوەی ئافرەت بە توانای خۆی رۆڵی بەخۆی داوە نەک شـــانۆکارانی پیاوان پێیان دابن، ئێمە نموونەمان زۆرن لە ئافرەتانی شانۆکاری داهێنەر وەک نازەنین ســـاڵح، گەزیزە، میدیا بێگەرد، فرمێسک مســـتەفا، تەلار هیرانی، دیاری عومەر، رووبار ئەحمەد و رێزان ساڵح و زۆری تریش کە جێ پەنجەیان بە نمایشەوە دیارە و نەک تەنیا وەک ئەکتەر یان دەرهێنەر، بەڵکو هەندێکیان لەنووسینی تێکستی شانۆیی و تەنانەت توێژینەوەش چالاکن و بەشێکی کاریگەر و دانەبڕاوی بواری شانۆن.

***چـــۆن دەتوانین شـــانۆ بکەین بە بەشـــێك لە ژیانی هاووڵاتی کورد؟**

-کردنی شـــانۆ بە بەشـــێک لە ژیانـــی هاووڵاتیان، ئەرکـــی چەندین لایەنە و پێویســـتی بـــە هەماهەنگی هەمەلایەنەیە، بەر لە هەر شتێک دەرفەت بۆ شانۆکاران بڕەخسێ کە تەنیا کاری شانۆیی بکەن و لە نمایشەوە بژێوی ژیانیان مسۆگەر بکەن، ئەمەش لە رۆژگاری ئیمڕۆمانـــدا نالۆژیکیـــە، بۆیە تا ئەو کاتەی شـــانۆ دەکەوێتە سەرپێ و بەو ئامانجە دەگات، دەبێ لایەنە پەیوەندیدارە فەرمیەکان و دەزگا هونەریەکان ئەو دەرفەتە بۆ شانۆکار بڕەخســـێنن، لەلایەکی ترەوە دەستگیرۆیی گرووپە جدیەکانی شانۆ بۆ بەردەوامی نمایش و داهێنان، هەروەها بایەخدانی میدیای کوردی بە نمایش و گفتوگۆی بەردەوام لەسەر پرســـی شـــانۆ، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر لایەنی پەروەردەیی قوتابییانە هەر لە باخچەی منداڵانەوە تا زانکۆکان کە شـــانۆ و چێژ وەرگرتن لە شـــانۆ ببێتە وانەیەکی تایبەت لە پاڵ چالاکیی شانۆیی خودی قوتابیان بۆ شارەزابوون لە وردەکارییەکانی شانۆ و هەستکردن بە گرنگیی شانۆ.

*** بە گشـــتی تـــا چەند بە پێشـــکەوتنی شـــانۆی کوردی گەشبینی؟**

-گەشبینی و رەشـــبینی لە بۆشاییەوە نایەن، تۆ بۆ ئومێدێک کـــە هەتە پەنا دەبەیتـــە بەر واقیع و مەرجەکانی پێشخســـتن و دەبێ تروسکاییەک ببینی ئینجا گەشبین بیت، ئەو تروسکاییەش ئێســـتا لە پەرۆشی شانۆکارانەوە دەردەکەوێ و ئومێدەوارم خودی شـــانۆکاران دەستپێشخەر بن لە پشتگیری و قبوڵ کردنی یەکتر بـــە هەموو رێباز و ســـتایل و بیـــر و بۆچـــوون و نەوەکانەوە و هەنگاوی جدی بنێن بۆ بنیادنانەوەی شـــانۆ و گەڕانەوە بۆ بلیت و دەرهێنانەوەی بەشـــێک لە تێچووی نمایش بە بلیتی بینەران و ئـــەوەی دەمێنێتەوە لە گیرفانی بەتاڵـــی خۆیان تەواوی بکەن تا دەگەنە ئەو ئاستەی شانۆ لەخەم دەڕەخسێ و دەکەوێتەوە سەر پێی خۆی و دڵنیاشـــم بینەران جێی متمانە دەبن و پشتگیریان دەکەن. خۆ ئەگەر لایەنـــە پەیوەندیدارەکانیش بەهۆش خۆیان بێنەوە و لە گرنگی و دەوری شـــانۆ تێگەیشـــتن و دەرگا کلۆم کراوەکانیان لەســـەر شانۆکارە جدی و رۆشـــنبیرەکان کردەوە ئەوە دەبێتە رێ خۆشکەر و کار ئاسانی بۆ ئەکتیڤ کردنەوەی دەوری شانۆ و ئاشت کردنەوەی بینەر و جەماوەری شانۆ.



# ئاڵا ڕەیانی گۆرانییەک پێشکەش بە هەڵەبجە دەکات

خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵا ڕەیانی لە ساڵیادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە کلیپێکی نوێ و تایبەتی بەم بۆنەیە بڵاوکردەوە بە ناوی ( لای لایە) کە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی کوردییە و پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەی کرد.

ئاڵا ڕەیانی لەو بارەیەوە رایگەیاند: لە ڕێگەی ئەم کلیپە نوێیە کە گوزارشتە لە دڕندەترین تاوان لە مێژوودا دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجام درابێت، دەمەوێ هەموو تاکێکی کورد مێژووی خۆی بە کورتی بگێڕنەوە و بێتەوە یادیان، چونکە مێژووی میللەتی ئێمە پڕە لە کارەسات و نەهامەتی جۆراوجۆر لە قۆناغە مێژوویيەکاندا هەر لە هەڵەبجە و ئەنفال تا دەگاتە ڕەشەکوژی و ڕفاندنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە شەنگاڵ و کۆبانێ و ئاوارە کردنیان لەسەر شوێن و ماڵی خۆیان، بۆیە داواکارم لە کوردان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و بە هۆی ئەم گۆرانییەوە کاتێك گوێبیستی دەبن هەریەکیان لە لای خۆیەوە مێژووی خۆی باس بکات و بە جیهانی و تەنانەت بە نەوەکانی خۆشمانی بڵێن کە ئەم مێژووە پڕ لە نەهامەتییە تا ئێستاش لەگەڵمان بەردەوامە، بەڵام ئێستا جیاوازە و خۆی لە شەڕی بەرگری و خۆڕاگریی پێشمەرگە دەبینێتەوە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان.

لە بارەی ڤیدیۆ کلیپە نوێیەکەش ئاڵا وتی: لە کلیپەکەدا چەند کەسێکی خەڵکی هەڵەبجە بەشدارن کە کەسوکاری قوربانییانی کارەساتەکەن کە کەسوکارە نزیکەکانیان لە دەستداوە، ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە بە جیهان بڵێین هەر تاکێکی کورد لە هەر شوێنێك بێت مێژوویەکی هەیە لە کارەسات، ڕاستە کیمیابارانی هەڵەبجە پێش چەندین ساڵ ڕوویداوە، بەڵام ئێمەی کورد چەندین هەڵەبجەی دیکەمان بینیوە وەك کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان بەرەو سنوورەکانی وڵاتانی دەوروبەر و لە شنگاڵ و موسڵ و کەرکوك و کۆبانێ، پێویستە دنیا هەموو ئاگاداری ئەم کارەساتانە بێت و بوویان ڕوون بێتەوە کە دوژمنانی کورد بە هەموو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردنی میللەتی کوردیان داوە.



# هویام هاندەری تۆپی سەبەتەیە

زۆر لە هونەرمەندان جگە لە خۆشەویستییان بۆ کاری هونەرییان و ئەنجامدانی یاری و مەشقی وەرزشی، لە هەمان کات هاندەری یارییە وەرزشییەکانیشن، بەتایبەتی یارییە جەماوەری و بە کۆمەڵەکان و هەمیشە ناوی بەشێکی زۆر لە هونەرمەندە ناودارەکان، بەهۆی هاندانیان، ناویان دەخرێتە پاڵ یانەیەك، یان هەڵبژاردەیەکی دیاریکراوی یاریی تۆپی پێ بە شێوەیەکی تایبەت، ئەگەرچی ڕەنگە بەشێکی هەوادارانی خۆیشیان هاندەری ئەو تیپە نەبن، کە ئەوان خۆشیان دەوێ.

بەڵام ئەستێرەی ناوداری تورکی مەریەم ئۆزلیی کە بە (سوڵتانە هویام) ناسراوە، هاندەرێکی سەرسەختی تیپی تۆپی سەبەتەی یانەی گەڵاتەسەرای تورکییە و لەبەر ئەوەی خۆی لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە و بەم دواییە تیپەکە سەردانی ئەڵمانیای کردبوو بۆ ئەنجامدانی یارییەك لەگەڵ تیپی ئەلبای ئەڵمانی لە چوارچێوەی خولی ئەوروپی بۆ تۆپی سەبەتە، هەرچەندە تیپە تورکییەکە یارییەکەی دۆڕاند، بەڵام مریەم لە سەرەتای یارییەکەوە بەردەوام بوو لە هاندانی تیپەکەی و تیشێرتێکی یانەی گەڵاتە سەرای پۆشی بوو، بەر لە دەستپێکردنی یارییەکەش هاتە ناو گۆڕەپان بۆ هاندانی زیاتری یاریزانەکان لە نزیکەوە و چەند وێنەیەکی یادگاریشی لەگەڵیان کێشا.

لە لایەکی دیکەوە و دوای دوورکەوتنەوەیەکی زۆر، ئێستا مریەم خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداریکردن لە زنجیرە درامایەکی نوێ بە بەشدار ئەستێرەی ناوداری تورکی موراد یەلدریم و بڕیار وایە لە مانگی ئەیلوولی داهاتوودا نمایش بکرێ.



# جنیفەر نهێنیی قژی ئاشکرا دەکات



خانمە ئەستێرەی سینەمای ناوداری جیهانی جنێفەر ئەنیستۆن بە یەکێك لەو ئافرەتە هونەرمەندانە ناسراوە کە لە بواری مۆدێلەکانی جلوبەرگ و جوانیش بەردەوام بوونی هەبووە و لەلایەن میدیاکانەوە بە گشتی گرنگی پێدەدرێت و بە دوای وردترین زانیاری لەسەر ژیانی تایبەتیدا دەگەڕێن.

بەم دواییە جنیفەر ئەنیستۆن لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا چەند نهێنییەکی تایبەتدا نهێنی جوانیی قژەکەی ئاشکرا کرد و رایگەیاند ئەو کاتانەی کارێکی ئاسایی نەبێت واز لە قژی دەهێنێت و کاتێکیش هەفتانە دوو جار دەیشوات زۆر شتی گرنگ هەیە پێویستە پەیڕەو بکرێن، لۆپێز هەروەها وتی: هەڵبژاردنی شامپۆی تەندروست گرنگترین هەنگاوی گرنگی دانە بە قژ، هەروەها پێویستە لە ئامێری وشك کردنەوە دوور بکەونەوە و لە جیاتی ئەوە بە پەنجەکاتی دەستی وشکی بکەونەوە.

لەلایەکی دیکەوە جنیفەر جەماوەری تووشی شۆك کرد کاتێك وتی: من زۆر حەزم دەکرد بارۆکە بەکار بهێنم، چونکە قژ بەتایبەتی لە هۆکارە دەرەکییەکان دەپارێزێت.

# فەریبا: ئاواتەخوازم لە ڕێگای هونەرەوە مەینەتییەکانی میللەتەکەم بە جیهان بگەیەنم

**فەریبا وەیسی یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانەی کە لە خێزانێکی کورد چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پێشووی خانەوادەکەی دەستی بە کاری هونەری کردووە و بەردەوام بووە و هەوڵیداوە درێژەپێدەری کاروانی هونەری خانەوادەکەی بێت، سەرەتای ژیانی هونەریی خۆی بە ژەنینی موزیك دەست پێدەکات و دواتر چەندین گۆرانی بەزمانی فارسی دەچڕێ.**

فەریبا دەڵێت: ژیانی کورد هەمیشە پڕ بووە لە نەهامەتی و سەختی لە هەموو بوارێکەوە بەتایبەتی بۆ هونەرمەندانی کورد سەختییەکان زیاتر بوون، ئەو بارودۆخەی کە بەسەر خانەوادەکەمدا هات کاریگەریی بەسەر ژیانی هەموومانەوە هەبووە، منیش وەك کچە کوردێك توانیم ڕێگەی هونەر هەڵبژێرم بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پێشووی خانەوادەکەم و کاریگەر بوونم بە دەنگ و هونەری سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و چەند هونەرمەندی دیکەی کوردستان دەستم پێکرد، سەرەتاش بە ژەنینی سێ تار دەستم پێکرد و توانیم لە ڕووی ئەکادیمییەوە زیاتر خۆم پێ بگەیەنم و بڕوانامەی زانکۆ بەدەست بهێنم، تەنانەت ئێستا خەڵکیتر لەسەر دەستی من فێری ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقا ببن و من ڕۆڵی مامۆستا ببینم، هیوادارم بتوانم لە ڕێگەی هونەرەوە هیوا و ئاواتەکانم بەدی بهێنم و بتوانم ئازار و مەینەتییەکانی خۆم و میللەتەکەم لە ڕێگەی هونەرەوە بە جیهان بگەیەنم.

فەریبا سەبارەت بە گۆرانیوتن و تێکست و شیعرەکانی دەڵێت: گۆرانیوتن و دەنگخۆشی بەر لە هەر شتێك بەهرەیەکە و دەبێ لەو کەسەدا هەبێت کە گۆرانی دەڵێ، لە هەمان کاتدا پێویستە عەشق و خۆشەویستی هونەر لە ناخ و ڕۆحی ئەو کەسەدا هەبێت و بەردەوام لە گەشەکردندا بێت، هونەرمەند کاتێك خۆی لە تێکستێکدا دەبینێتەوە و لێیەوە نزیك بێت، ئەگەر بیکات بە گۆرانی بێگومان تێیدا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ناکرێ هونەر و فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی لە بیر بکرێ، چونکە هونەرمەندان دەتوانن لە ڕێگەی فۆلکلۆرەوە ئەزموونی هونەری خۆیان دەوڵەمەندتر بکەن.

هەر سەبارەت بە گرنگیی فۆلکلۆر و وتنی گۆرانی بە باشترین شێوە، بە جۆرێك لە هەموو ڕوویەکەوە مافی گۆرانییەکە بدرێت، فەریبا دەڵێت: شیعر و ئاواز گرنگترین کۆڵەگەکانی هونەری گۆرانیوتنن، هەر شیعر و ئاوازێکی خۆش کە هونەرمەند بتوانێت بە باشترین شێوە پێشکەشی بکات و مافیان بدات، دەبێتە هۆی ئەوەی گۆرانییەکە بە زیندوویی دەمینێتەوە و جەماوەر خۆشی دەوێت و بەردەوام دەیڵێتەوە و نابێتە هۆکارێك بۆ بێزاربوون لەو گۆرانییە، ئەمەش زۆر ئاسان نییە و پێویستی بە خۆماندووکردن هەیە لەلایەن شاعیر و ئاوازدانەر و خودی گۆرانیبێژیشەوە.

